بریتانیا سزای نوێی بەسەر روسیادا سەپاند

وەزیری دەرەوەی بریتانیا رایگەیاند کە 50 سزای نوێیان بەسەر روسیادا سەپاندوە و ئەو سزایانەش رەگری لە سەرکی روسیا دەکات لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی بە پارەدارکردنی جەنگەکەی پەویستییەتی.

دەیڤد کامیرۆن وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە راگەیەنراوەکدا بەاویکردوە، ئەو فشارە ئابوریە نودوەتییەی بەکاری دەهێنن بە ئەوەیە روسیا بەرگەی ئەو داگیرکاریە ناياساییە نەگرێت کە بەرامبەر ئەکرانیا ئەنجامی دەدات، سزاکانیسشیان ڤلادمیر پوتنی سەرکی روسیا لەو سەرچاوانە قەدەغە دەکات کە پەویستی دەبێت بە پارەدارکردنی جەنگەکەی.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەموان پەکەوە خەیان رادەستی ستەمکاری ناکەن و لە پشتیوانی کردنی ئەکرەنیا لە بەرەنگاربونەوە لە پەناو دیموکراسیەت بەردەوام دەبن، جا ئەو بەرەنگاربونەیەش پەویستی بە هەرچییەک بێت بریتانیا پشتیوانی دەکات.

وەزیری دەرەوەی بریتانیا ئەوەشی خستوەتەو، سەرەای ئەوەی ئابوری ئەکرانیا بچوکترە لە ئابوری روسیا، بەڵام ئابوری هاورە و هاوپەیمانەکانی ئەکرانیا 25 هەندەی ئابوری روسیا گەورەترە، ئەم

سزایانەش ئاماژەیەکی رونە بە ئەوەی لە دوای نزیکەی دو ساڵ لە جەنگ هەشتا بریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە پشتیوانیکردنی ئەکرانیا بەردەوامن.